محەممەد سەڵاح زیاتر لە یەک ملیۆن هەواداری لە فەیسبووک لەدەستدا

محەممەد سەڵاح، هێرشبەری هەڵبژاردەی میسر و یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا زیاتر لە یەک ملیۆن هەوادار "فۆڵۆو"ی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لەدەستدا.

ئەمەش بەهۆی پشتگیری نەکردنی لە خەڵکی فەلەستین، لەو کاتەوەی جەنگی حەماس و هێزەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژی شەممەی هەفتەی ڕابردوو (7ـی تشرینی یەکەمی 2023) هەڵگیرسا، ئەمەش بەپێی وتەی هەوادارانی یاریزانەکە.

شایەنی باسە، لەئێستادا یاریزانی یانەی لیڤەرپوول 16 ملیۆن هەواداری لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک هەیە.